

یەکشەممە 2012/1/22
ژمارە 363



# مارکا: ڕیال پیپێ لە پێکهاتەکەی دوور دەخاتەوە

ڕۆژنامەی مارکا هەواڵی ئەوەی بڵاو کردەوە کە یانەی شاهانە بڕیاری داوە بۆ ماوەی 15 ڕۆژ بەرگریکاری پورتوگالی پیپێ دوور بخاتەوە، بەگوێرەی دوایین هەواڵ، ئەم بڕیارە بەهۆی ئەو هەڵەیەی پیپێ بوو کە بەرامبەر میسی ئەنجامی دا کاتێک بەئانقەست پێی لەدەستی نا لەکلاسیکۆی ڕابردووی شای ئیسپانیا لەسەر یاریگای برنابیۆ، ڕۆژنامە ئیسپانییەکە دەڵێت: ئەم بڕیارە بۆ ئەوەشە ناوبراو کە پێکانێکی سوکی لە ماسولکەکان هەیەو پشووشە بۆی کە بەدەروونێکی خراپ دەستی بەیارییەکە کرد، ئەگەر بێت و ئەم بڕیارە دروست بێت ئەوا لەسەر مۆرینهۆ پێویستە جێگرەوەیەکی گونجاو لەدوو یاریی داهاتووی کە یەکێکیان ئەمڕۆ بەرامبەر بلباو و ئەوی تریان بەرامبەر زاراگۆزا لەخولی ناوخۆ، لەجامی شای ئیسپانیاش بەرامبەر بەرشلۆنە لەکلاسیکۆی کامپ نو، بدۆزێتەوە.

کتێبەکەی زلاتان

# من زلاتانم.. ساردکەرەوەی ماڵمان هەردەم بەتاڵ بوو

**-بەشی پێنجەم-**

دوای ئەوەی لە بەشی چوارەمی کتێبی من زلاتانم باسی ژیانی منداڵی یاریزان زلاتان ئیبراهیمۆڤیچمان کرد لەگەڵ براو خوشکەکەی و دایکی، لەم بەشە کە بەشی پێنجەمە بەهەمان شێوە باسی ژیانی منداڵی ئەم یاریزانە دەکەین کە تووشی چەندین کێشەی بۆتەوە.

ئیبراهیمۆڤیچ باس لە قۆناغێکی نوێ ژیانی منداڵی دەکات و دەڵێت: دوای ئەوەی دایک و باوکم لێک جیابوونەوە بەتەواوەتی، جارێکیان فەرمانبەرێکی کۆمەڵایەتی لە ساڵی 1990 هاتە لای ئێمەو بڕیاری دادگای لابوو، بۆ ئەوەی بزانێت ئێمە لەگەڵ دایکمان دەژین یاخوود لەگەڵ باوکمان، لەکۆتاییدا دادگا بڕیاری دا ئێمە لەگەڵ باوکمان بژین، بەهۆی ئەوەی ژینگەی ژیانی دایکم باش نەبوو، ئەم بڕیارە دایکمی تووشی خەمێکی یەکجار گەورە کرد کە بەردەوام دەگریا بۆ ئێمە، چونکە دایکم زەحمەتی زۆر کێشاوە تاکوو ئێمەی گەورەکرد، بۆیە دایکم بە دادگای گوت ژیانی من دوای ئەو منداڵانە کۆتایی هات، تاکە کێشەی دایکم ئەوە بوو نەیتوانی لەگەڵ باوکم بگونجێت. بەهۆی ئەوەی دایکم هەردەم قسەی بە ئێمە دەگوت و زۆر جار لەئێمەی دەدا باوکم بەمە زۆر دڵگران دەبوو دایکم دایکێکی توورەبوو زۆر هیچ کات قسەی خۆشی بۆ باوکم نەدەکرد، ئەمەش هۆکار بوو بۆ لێک جیابوونەوەیان، ئیبرا دەڵیت من بڕیاری دادگام شکاندوو بڕیارم دا لەگەڵ دایکم بژیم و براو سانێلای خوشکیشم لەگەڵ باوکم مانەوە.

ئیبرا سەبارەت بە ژیانی براو خوشکەکانی لەگەڵ باوکی گوتی: سانێلای خوشکم لەگەڵ باوکم ماوەیەوە منیش لەگەڵ دایکم، ئەمە وای کرد من و خوشکەکەم باری دەروونیمان تەواو تێک بچێت چونکە نەدەگونجا منیش لە خوشکەکەم جیا ببمەوە، پاش ماوەیەک سانێلای خوشکم ژیانی لەگەل باوکم خۆش نەبوو، بۆیە شەوێک چوومە ماڵی باوکم بینیم باوکم لەسەر زەوی خەوتووە و مێزەکەی پێش باوکیشم پڕبوو لەشەراب بۆیە من باوکم ئاگادارکردەوە بەڵام نەمتوانی هەڵیبستێنم بەهۆی ئەوەی لە ژیان زۆر ماندوو و تەنیا و غەمباربوو، بۆیە من لەخۆم پرسی باوکم چۆن دەتوانێت ئاوا بژی، بۆیە هیچ ڕێگا چارەیەکم نەبوو بۆ باشترکردنی ژیانی باوکم، هەرئەو کات سانێلای خوشکم بینی ڕەفتاری تەواو گۆڕابوو هەرگیز ئەو سانێلایە نەبوو کە من دەمناسی لەگەڵ باوکم زۆر خراپ ڕەفتاری دەکرد، بۆیە سانێلا لەکاتی باوکم سەرخۆش دەبوو لەسەری هاوار دەکردوو لەماڵ دەری دەکرد، لەو کاتەی برایەکەم کە لەگەڵ باوکم و سانێلا دەژیا لە دەروونێکی یەکجار خراپ و شێواو دەژیا چونکە هەموو کات حەزی دەکرد بگەڕێتەوە لای دایکم لەگەڵ من و دایکم بژیت، بۆیە من لەگەڵ برایەکەم قسەم کردو پێم گوت وەرە لەگەڵ من و دایک بژی داوام لەباوکم کرد ڕێگا بدات بۆ ئەوەی برایەکەم لەگەڵ ئێمە بژی و باوکم هێندە شلەژاو بوو هیچ قسەیەکی نەکرد بۆیە من ئەم ڕۆژە تابەیانی لەگەڵ باوکم مامەوەو خزمەتم کرد تاکو لەڕووی دەروونییەوە جێگیر بێت لەو کاتە زۆر گریام نەمدەزانی بۆ وا ژیانم ناخۆشە.

ئیبرا باس لە ڕووداوێکی تر دەکات و دەڵێت :دوای ساڵێک دادگا کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ خێزانەکەمان کردووە دوای ئەوەی تەواو لە شتەکانیان کۆڵیەوە دادگا بڕیاری دا سانێلای خوشکم لەگەڵ دایکم بژی و منیش بچمە لای باوکم بژیم، ئەم بڕیارەش لەساڵی 1991 بوو، بۆیە بەهەمان شێوە من و خوشکەکەم لێک دابراین نەمانتوانی پێکەوە بژین، ئیبرا باس لەم خوشکەی دەکات و دەڵێت من لەگەڵ خوشکەکەم زۆر یەکتریمان خۆش دەویست هەرچەندە ئێمە زۆر یەکتریمان نەدەدیت بەڵام هەردەم ئاگاداری یەکتر بووین و زیاتر یەکترمان خۆش دەویست ئیبرا دەڵێت خوشکەکەم قژی بڕیبوو بۆیە خەڵک بە سانێلای خوشکماین دەگوت تۆ زۆر بە ئیبرا دەچیت بەڵام ئەو دەیگوت هەرگیز من بە ئیبرا ناچم، بەشێوەیەکی گشتی خوشکەکەم زۆر بەهێز و زیرەک بوو، بەڵام هەردووکمان ژیانمان ئاسوودە نەبوو.

زلاتان باس لەوە دەکات کە ئەم جارە لەگەڵ باوکی چۆن ژیاوە دەڵێت: بۆ من ژیانیکی نوێ بوو بۆیە من ناوچەی (ڕۆژینجاردم) جێ هێشت کە دایکم تیایدا دەژیا چووم لە ( فارنهیمستوور) لە شاری مالمۆ بژیم کە باوکم تیایدا دەژیا لەم ناوچەیە، لە سالی 1991،ئیبرا دەڵێت :باوکم دڵێکی یەکجار گەورەی هەبوو هێندە منی خۆشدەویست ئامادەبوو خۆی قوربانی من بکات، ئیبرا زیاتر باسی باوکی دەکات و دەلیت باوکم هێندە ئێمەی خۆش دەویست هەموو کات گۆشتی بۆ ئێمە دەکری و شەوانەش ئایسکریم کە ئەوکات ئێمە هەژار بووین من زۆر دلخۆش بووم .

ئیبرا زیاتر باسی ژیانی لەگەل باوکی دەکات و دەڵێت: من بڕیارم دا بەدڵ و بەگیان یارمەتی باوکم بدەم بۆ ئەوەی باوکم سەرلەنوێ ژیانیکی ئاسوودە بژی و دووربیت لە خەمۆکی و ئیبرا دەلیت؛ لەدوای ئەمە ئێمە هیچ شتیکمان کەم نەبوو تەنیا ئافرەتێک نەبێت بۆ کاروو باری ماڵەوە، چونکە ماڵەکەمان هەموو شتێک شێوێنرابوو من و باوکم زۆر ئیهمال بوین لەکاروباری ماڵەوە، ئیبرا دەڵێت لەماڵەکەمان کتێبی قوتابخانەو جلی من و باوکم شوشەبیرەی باوکم تێکەڵ ببوو هەروەها پاش ماوەی خواردنیش بە هەفتە نەدەشورا لەماڵەکەمان، بۆیە من و باوکم بۆمان دەرکەوت ئەم ماڵە سیستەمی ژیانی تیدا نییە چونکە تەواو شێواوببوو بۆیە باوکم برای دا ڕۆژێک کار بکات و ڕۆژێکیش ووچان وەربگرێت تاکوو کاری ماڵەوە بکات من باوکم وەک جەنگاوەرێک سەیر دەکرد کە بەم شێووەیە لەم ژیانە ماندووە.

ئیبرا زیاتر دەڵێت : باوکم زۆر کاری سەختی ئەنجام دەدا بۆ پارە پەیدا کردن پاش کارەکانی دەگەڕاوە ماڵەوە و لە ماڵ دادەنیشت و سەیری تەلەفزیۆنی دەکرد و هەندێک جاریش گوێی لە مۆسیقا دەکرد، باوکم زۆر حەزی لە مۆسیقای یوگسلافی بوو هەردەم مایکرۆفۆن لە گوێکانی بوو و گوێ ی لە مۆسیقای یوگوسلافی دەگرت و چەندین کاسێت و سیدی هەبوو کە هەر هەمووی مۆسیقای یوگوسلافی بوون، باوکم جیهانێکی تایبەت بە خۆی هەبوو کاتیک گوێ ی لە مۆسیقا دەگرت زۆر پێی ناخۆش بوو هاورێکانی تەلەفۆنیان بۆ بکردبا و کاتیک پەیوەندیان پێوە دەکرد ئەو تەلەفۆنەکەی هەڵدەگرت و بە تورەیەوە دەی وت : تەلەفون بۆ من مەکەن، باوکم هەرگیز هاوریکانی نەدەهێناوە ماڵەوە ئەمەش لە بەر من بوو چونکە باوکم منی زۆر خۆش دەویست، باوکم ئامادەبوو هەموو کاریک بکات لەبەر خاتری من .. هەندێک جار بۆ کار کردن دەچوە دەرەوەی شار و هەمیشە هەولی بۆ ئەوە دەدا کە ژیانی ئێمە باش بیت بەلام باوکم هەرگیز لە کارەکانی منی نەدەپرسی دەربارەی کارەکانی قوتابخانە و یاری تۆپی پێ هەردەم دەبوایە خۆم چارەسەری کارەکانم بکەم .

ئیبرا بەردەوام دەبێت لە سەر ژیانی منداڵی و دەڵێت : ماوەیەک زر برایەکم هاتە لامان و لەگەڵ ئێمە ژیا، ئەو بووە هاوڕێیەکی باشی من، تەمەنی تەنها 17 ساڵان بوو بەڵام من زۆر شتم بە بیر نایەت لەسەر ئەو بۆیە زۆری پێ نەچوو باوکم لە ماڵەوە دەری کرد من هۆکارەکەم نەزانی بەڵام کۆمەڵێک کێشە هەبوو لە نیوانیان، دەرکردنی ئەو لە ماڵ کاریکی زۆر ناخۆش بوو بۆ من چونکە بۆ جاریکی تر ماڵەکەمان چۆل بوو و تەنها من و باوکمماینەوە لە ماڵ، باوکم هەرگیز هاوریکانی نەدەهێنا ماڵەوە و شەوانە بە تەنها لە ماڵەوە دەیخواردەوە، ماڵەکەمان هەردەم چۆل بوو، بەتایبەتی ساردکەرەوەکەمان.

ئیبرا دەربارەی ساردکەرەوە و برسیەتی منداڵی دەڵێت: من یاری تۆپی پێم دەکرد و کاری دزینی پایسکلیشم دەکرد بەدریژایی کات لە دواتر دا هەموو پایسکلەکانم دەبرد بۆ بازار و دەم فرۆشت و زۆر دڵخۆش بووم بەو پارەیەی کە بەدەستم دە هێنا .. هەردەم لە پێش ساردکەرەوەکە ڕادەوەستام و دەم وت : تکات لی دەکەم .. تکات لیدەکەم با شتیکت لە ناو بیت بۆ خواردن، بەڵام ساردکەرەوەکەمان هیچ شتیکی تێدا نەبوو تەنها هەندێک لە زبدە و شیر و قوتی بیرە نەبیت باشترین شت کە لە نێو ساردکەرەوەکەمان هەبووبیت هەندێک شەربەتی میوەبوو کەوا هەندێک جار باوکم دەیهێناوە ماڵەوە، ئەو قۆناغە لە ژیانی من زۆر ناخۆش بوو و هەرگیز لە بیری ناکەم، هەردەم ئەو کاتانە لە گەلم دەژین، تەنانەت لە خێزانەکەشم هیلینا بپرسن کە تاوەکو ئێستاش لە بیرم ماوە.لەبەر ئەوە هەردەم هەوڵ دەدەم کەوا ساردکەرەوەکەی ماڵەوەمان پڕ بێت لە خواردن.

ئیبرا لەم بارەیەوە نمونەیەکمان بۆ باس دەکات و دەلیت : زۆر جار کورە بچوکەکەم (فینسینت) دەگریت کاتیک کە دایکی ماکەرۆنای بۆ ئامادە دەکات، بەڵام لەنیو فرنی نەکولاوە منیش کە دەبینم زۆر جار تورە دەبم و بەسەری هاوار دەکەم: خۆزگە لەو نعمەتە دەگەشتی کە تۆ تێیدا دەژیت .



ئیبرا زیاتر باس لە کاتە سەختەکانی مندالی دەکات و دەڵێت: من هەردەم بە دوای خواردن دەگەڕام لە هەموو شوێن و زاویەیەک لە ماڵ، دەگەڕام بەدوای پارچەیەک گۆشت یان تۆزیک لە ماکەرۆنا، چونکە بێزار ببوم لە خواردنی سەمونی بەتال، زۆر جار دەچومە ماڵی دایکم و داکیشم وەک پێویست پێشوازی نەدەکردم و هەمیشە پێی دەگوتم: تۆ چی دەکەی زلاتان لێرە؟ باوکت نانت پێنادات ؟.. زۆر جاریش لە ماڵەکەی دەری دەکردم بەڵام من هەندێک کات یارمەتی ئەوم دەدا .

زلاتان باس لە جەنگێکی بچوک دەکات لەماڵەوە لەگەڵ باوکی و دەڵێت: لە ماڵی باوکم، من دەستم کرد بە شەر کردن لەگەل قوتوی بیرە، هەندێک جار بریک لە بیرەم دەبرد و دەم فرۆشت بەلام تەنها جار جار بەشێوەیەکی کەمم دەبرد، چونکە دەترسام نەوەک باوکم هەست پێ بکات، بوتلە بەتالەکانی بیرە مالی پر کردبوو لە هەموو کوچە و کونیکی مالەوە بوتلیک هەبوو منیش هەندیک جار بتلە بەتالەکانم کۆ دەکردەوە و دەم خستە نێو چیسەیەک و دەمفرۆشت زۆر دلخۆش دەبووم بەو برە پارەیەی کە لە فرۆشتنی بیرەکە دەستم دەکەوت.

ئیبرا زیاتر دەڵێت: وەک هەموو منداڵێک، چاودێری میزاجی باوکم دەکرد، چاوەرێم دەکرد کاتیک کە باوکم لە حالەتێکی باش بوایە داوای پارە و شتم لێ دەکرد، لە و ڕۆژانەدا باوکم زۆر باش بوو کە نەیدەخواردەوە، بەڵام ئەو ڕۆژانەی کە باوکم دەی خواردەوە زۆر خراپ و تورە بوو، هەندێک جار تورەدەبوو لێم و بەسەر من هاواری دەکرد و ڕەتی دەکردەوە کە هیچ شتیکم بداتێ و هەندێک جاریش زۆر لەگەلم نەرم و نیان بوو و پارەیەکی زۆری پێ دەدام، لەو کاتەدا من وێنەی یاریزانانم کۆ دەکردەوە کە لە نێو کاغەزی بنێشت بۆم دەردەچوو، لە هەر کاغەزیکی بنێشت 3 وێنەی یاریزانانی تێدابوو کاتیک کە بنیشتەکەم دەکردەوە هەردەم دەمگوت : ئۆوە ئۆوە ئەمڕۆ مارادۆنام بۆ دەر دەچێت، یاخود بێزارکەر؟؟ مەبەستم لە بێزارکەر هەندێک جار وێنەی هەندێک لە یاریزانانی هەڵبژاردەی سویدم بۆ دەردەچوو کە من نەم دەناسین، ڕۆژێکیان باوکم یەک دەستە بنێشتی بۆم هێنا من زۆر پێ خۆشحالبووم.. لەو ڕۆژەدا لەگەل باوکم بەدیار تەلەفزیۆنەوە ڕۆژیکی خۆشمان بەسەر دەبرد بەلام هەندێک ڕۆژیش زۆر تورەدەبوو و نەم دەتوانی قسەی لەگەڵ بکەم.

ئیبرا زیاتر دەڵێت: من هەندێک گەورەبووم، بڕیارم دا لەگەل باوکم وەک هاوریەک قسە بکەم، لەگەل باوکم قسەم کرد و پێم گوت : باوکە تۆ زۆر دەخۆیتەوە، باوکم بەو قسەیە زۆر تورەبوو و بە منی وت : تۆ بێ دەنگ بە ئەگەر نا من کەل و پەلەکانت فرێ دەدەمە دەرەوە، بەلام من لەسەر ئەو ئارامم گرت و هەوڵم دەدا یارمەتی باوکم بدەم کە واز لە خواردنەوە بهێنیت .. باوکم هەردەم لەسەر من هاواری دەکرد و لە من توورە دەبوو، بەڵام هەرگیز لە منی نەدەدا و ئازاری نەدەدام، ئەوەی لە یادم مابێت تەنها باوکم یەکجار ئازاری منی داوە ئەویش جاریکیان دوو مەتر منی بەرز کردەوە و هەڵیدامە سەر سیسەمی خەوتنەکە، بەڵام باوکم باشترین پیاوی دونیا بوو، بارودۆخی ئەو ئاسان نەبوو ڕۆژێکیان برای باوکم هاتە لام و پێی گوتم: باوکت بۆیە دەخواتەوە تاوەکو کێشەکانی لە بیر بکات.. هەرچەندە من زانیم کە ئەو کێشەی سەرەکی نییە باوکم جەنگ کاری لێ کردبوو.

ئیبرا دەربارەی جەنگ دەڵێت: جەنگ شتیکی نامۆ بوو بۆ من کە هەرگیز ماناکەم نەدەزانی، هەر کاتیک باسی جەنگیان بکردبا ئەوا من هیچ شتیکی لێ تێنەدەگەشتم. ڕۆژێکیان من بینیم باوکم و خوشکەکەم بینی کە جلی ڕەشیان لەبەر بوو، بەڵام من نەمزانی ئەمە لەبەر چی بوو، بۆیە دواتر بۆ م دەر کەوت کەوا باپیرم لە جەنگ بە هۆی تەقانی نارنجۆکێک لە کرواتیا کۆچی دوایی کردووە، من هەرگیز گرنگیم بەو بابەتانە نەدەدا ئەو بابەتانە بۆ من هیچ مانایەکی نەبوو هەرگیز بۆ من جیاوازی نەبوو لە نیوان خەلکی سربی و بۆسنی و کرواتی و سویدی و...هتد من پێم وابوو هەموو مرۆڤەکان یەکسانن. جەنگ زۆر کاریگەری هەبوو لەسەر باوکم، . هاوڕێکەی باوکم بە ناوی بیلینا لە بووسنەوە هات و لای ئێمە نیشتە جێ بوو، بیلینا کەسێکی زۆر سەری بوو ئەو موسلمان بوو، هاوکاری دەیەها موسڵمانی دەکرد لە سوید کە باوکم بەشێکیانی دەناسی، باوکم زۆر خەریک بوو بە جەنگەکان، لەو کاتەدا من زانیم کەوا باوکم هیچ کاتیکی نییە بۆ من ئەو هەردەم چاودیری تەلەڤزیۆن و هەواڵەکانی دەکرد هەموو شەوێک چاوەروانی ئەوەی دەکرد کە ئاخۆ چ ڕوویداوە و دواین هەواڵەکان چین دەربارەی جەنگ و شەڕەکان، جەنگ تەواو کۆنترۆلی باوکمی کردبوو، باوکم زۆر گۆڕا بوو بەردەوام بە تەنها گوێی لە مۆسیقا دەگرت و دەی خواردەوە و سەیری تەلەڤزیۆنی دەکرد، منیش لەو کاتەدا بە شێوەیەکی هێمنانە دەچوومە دەرەوە و یاخود هەندێک جاریش دەچوومە ماڵی دایکم، کە لەوێ بۆمن جیهانێکی تر بوو.

**و: کاروان کەریم مەحموود**

# خامۆشبوونی یاریگەی فەڕەنسۆ بۆچی دەگەڕێتەوە؟

**سارا هەولێری**

هەمووومان دەزانن چەند ساڵێک پێش ئێستا لەکاتی یارییەکانی یانەی هەولێر لە یاریگەی شەهید فەڕەنسۆ هەریریدا یاریگە دەگەشایەوە بە هاندەران و هاندەران هەر لە سەرەتای یارییەوە هانی یاریزانی یانەی هەولێریان دەدا تاکو خولەکی کۆتایی، ئەمەش جۆش و خرۆشییەکی وای بە یارییەکە دەبەخشی کە ناتوانرێت وەسفی جوانی بکرێت، لە سەرجەم یارییەکان هاندەران بوونەتە هەوێنی سەرکەوتنی یانەکەیان و ترسناکترین یاریگە بووە بۆ تیپی بەرامبەر، بەڵام ئەگەر ئێستا سەیری یارییەکانی یانەی وەرزشی هەولێر بکەین دەبینین یاریگەی شەهید فرەنسۆ هەریری یاریگەیەکی بێناز و پشتگوێخراوە لەلایەن هاندەرانی بە وەفای یانەکەوە، کە لەکاتی بەڕێوەچوونی یارییەکاندا دەبینین ژمارەی هاندەران لە چەند سەد کەسێک تێپەڕ ناکات، بێگومان ئەمەش بێ هۆکار نییە بۆیە بەشێک لەم هۆکارانە دەخەمە ڕوو،

یەکێک لە خاڵەکان بریتییە لە گرنگیپێنەدانی دەستەی کارگێڕی یانەی هەولێر بە هاندەران و داواکاری هاندەران، لەسەرتاسەری جیهان هاندەران کاریگەرترین فاکتەرن بۆ گۆڕانکاری لە یانەکاندا وەک کڕینی یاریزانان و هێنانی ڕاهێنەر .. هتد بەڵام یانەی هەولێر دوا شت کە بیری لێ دەکاتەوە بۆچوونی هاندەرانی هەولێرە کە ئەمەش بۆتە هۆی بێزاری هاندەران و کەم بوونەوەیان لە نێو یاریگەدا.

یەکێک لە هۆکارەکانی وای لە هاندەران کرد پشت لە یاریگە بکەن کەمبوونەوە و نەمانی یاریزانی کورد لە پێکهاتەی یانەکە، هەروەک و ئاشکرایە لە ڕابردوودا بەشێکی زۆر لە هاندەران دڵخۆش بوون بە یاریکردنی یاریزانان ڕافد بەدرەدین، مۆفەق یونس، سەڵاحەدین سیامەند، شوان مامۆ.. هتد ئەمە هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی هاندەران ڕوو لە یاریگە بکەن بەهۆی یاریکردنی کوڕی شارەکە و یاریزانەکەش بە هەموو هێزو توانایەوە بەرگری لە درێسی یانەی هەولێر دەکرد.

یەکێکی دی لە هۆکارەکان خشتەی یارییەکانی خولی ئێراقە، ئەگەر سەیری ئەم خولە بکەین لە هەموو ڕوویێکەوە لاواز و دواکەوتووە، چونکە نەخشەیەکی گونجاو بۆکاتی بەڕێوەچوونی یارییەکان دانەنراوە بەشێوەیەک نازانرێت کەی یانەی هەولێر یاری ئەنجام دەدات و ئەمەش هۆکارێکی زۆر کاریگەرە بۆ کەمبوونی هاندەران.

خاڵێکی دی لە هۆکارەکان لەباوەش نەگرتنی هاندەران بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و گونجاو لە کاتی بەڕێوەچوونی یارییەکان هەروەک و دەزانین یاریگەی یانەی هەولێر کۆمەڵێک دەرگای هەیە بۆ چوونە ژوورەوەی هاندەرانی بەڵام بەداخەوە لە ڕابردوودا لەکاتی بەڕێوەچوونی یارییەکاندا تەنیا یەک دەرگا یاخووت دوو دەرگا پێشوازی لە هاندەران دەکردوو ئەمەش وای دەکرد هاندەران تووشی زەحمەتییەکی زۆر ببن بۆ چوونە ناو یاریگە و تووشی ماندووبوون و بێزاریان بکات، بێگومان ئەمەش کارگێڕ و بەرپرسانی یانەکە لێی بەرپرس بوون.

خاڵی کۆتایی کە پێویستە ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە بەشێک لە یاریزانەکانی یانەی قەڵای زەرد کە لە دەرەوەی شارەکە هاتوون هەموو مەبەستێکیان بۆ پارەیە و ئەوەش وایان لێ دەکات کە بۆ درێسی یانەکە یاری نەکەن و لە یاریگەدا بە شێوەیەکی لاواز و بێ هەست یاری بکەن کە ئەمەش وا دەکات یاریکردنی یانەی هەولێر جۆرە ساردییەکی پێوە دیار بێت.

هەموو ئەو فاکتەرانە و چەندین فاکتەری دی کاریگەرییەکی زۆریان هەیە لە پشتکردنی هاندەرانی هەولێر لە یاریگەی شەهید فەڕەنسۆ و بۆیە پێویستە دەستەی کارگێڕی یانەکە چارەسەرێکی باش و گونجاو بدۆزنەوە بۆ ئەوەی یاریگەی هەولێر وەک پێشوو بە هاندەران درەوشاوە بێت.